ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند

محەمەد بابۆڵی

هەولێر - ٢٠١٣

24387

Preview sample - page 1 of 17 - Soran University Academic Digital Library



* ناوی کتێب: پۆژنامەنووسیی تایبەتمەند
* نووسەر: محەمەد بابۆلی
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بلاوکراوەی نەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٩١).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٣)ی ساڵی٢٠١٣ی پێدراوە.

Preview sample - page 2 of 17 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند وەکو هەر دیاردەیەکی دیکە رۆژ لەدوای رۆژ گەشەدەکاتو بواری جۆراو جۆری لێدەبێتەوە، وەك بوارەکانی (ئابووری، تەندروستی، ئەدەب، هونەر، ژینگە، منداڵان، وەرزش، خوێندکاران، لاوانو.....هتد)، هەریەکێك لەمانەش بواری وردتری لێبۆتەوە، بۆ ئەوەی وەرگرانی چڕترو وردتر بتوانن سوودی لێوەربگرن. رۆژنامەنووسیی کوردیی تایبەتمەند لەکوردستاندا تاڕادەیەك مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە بەجۆرێ رۆژبەی چیرۆ توێژەکان بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان هەبووەو هەیە، ئەمە جگە لەوەی چەندین بڵاوکراوە لەناوەرۆکدا تایبەتمەندییان هەیە، ئەمەیش پێویستی بەچەندین لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە تاکو لەبایەخو رۆڵی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردی بگەین.

لەناو سەرجەم بوارەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەنددا، رۆژنامەنووسیی خوێندکاران وەکو نموونە وەرگیراوە، ئەمەیش لەبەر ئەو رۆڵە گرنگەی کە هەیەتی، چونکە چەندین رێکخراوی خوێندکاریو قوتابی لەکوردستاندا بوونیان هەیە، هەریەکێ لەم رێکخراوانە لەسەرەتای دروستبوونیانەوەو تاکو ئێستاکە چەندین بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان دەرکردووە، ئەگەرچی پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ژمارەی بڵاوکراوەکان کەمبوونەتەوە ئەوەی هەیش بووە لەچوارچێوەی مەکتەبی سکرتاریەتو لقەکانیانو بەشێك لەخوێندنگاکان بووە، بەڵام دوای راپەڕین رۆژنامەنووسیی خوێندکاران ئەو سنوورەی بەزاند، تەنانەت لیژنەو گرووپو خوێندنگاکانی دیکەش بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆیان دەرکرد، بەجۆرێك ئێستا ژمارەی بڵاوکراوە خوێندکارییەکان لە بڵاوکراوەی هەموو چینو توێژێکی دیکە زیاترە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە :

توێژینەوە لەبارەی چەمکو پەیامی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو گرنگی بۆ کایەی رۆژنامەنوسیی بەگشتیو رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان

Preview sample - page 3 of 17 - Soran University Academic Digital Library

بەتایبەتو رۆژنامەنووسانی بواره تایبەتەکان، هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بوو، بۆیە خوێندنەوەی زانستیانە بۆ بواری رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ئەرکێکی هەنووکەیی ئەکادیمیو پسپۆرانە، ئەمەش کەڵکی زۆر بەرۆژنامەنووسی بەگشتیو بوارەکە خۆی بەتایبەتی لەپێناو بەئەکادیمیکردندا دەگەیەنێت.

لەو نێوانەشدا شیکردنەوەی ناوەرۆکی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران وەک رۆژنامەنووسییەکی تایبەتمەند بەتوێژێکی گرنگو هەستیاری کۆمەڵگە، هۆکاربوون تاکو هەوڵ بدرێت لەرێگەی رێبازی شیکاریو مێژووییەوە، ئەو بابەتانەی تایبەتن بەخواستە پیشەییەکانی ئەو توێژە شیبکرێنەوەو، ئاستی کاریگەریی بابەتەکان لەو بوارەی رۆژنامەنووسییدا، دەستنیشان بکرێت.

هەروەها توێژەر پتر لە ١٠ ساڵ لەناو رێکخراوێکی خوێندکاری کاریکردوەو بەناوونیشانی پەیامنێر، نووسەر، دەستەی نووسەران، جێگری سەرنووسەر لەناو رۆژنامەیەکی خوێندکاریدا کارا بوە.

کێشەی توێژینەوەکە:

١- بایەخنەدان بەرۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لەرەوتی رۆژنامەنووسیی کوردیدا.

٢- هەستکردن بەکەموکوڕیی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا.

٣- تەومژو ئاڵۆزیی لەبارەی سەرەتاکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران.

٤- ئەوەندەی توێژەر سەرنجی داوە رۆژنامەنووسیی خوێندکاری نەگەیشتووتە ئاستێك خواستو ئامانجەکانی توێژی خوێندکاران بهێنێتەدی.

٥- ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە گشتین، دەکرێ لەرۆژنامەیەکی گشتیشدا بڵاوبکرێنەوە.

٦- ئەوەندەی توێژەر سەرنجی داوە ئەوانەی لەرۆژنامەنووسیی خوێندکاران کاردەکەن کەمئەزموونن.

Preview sample - page 4 of 17 - Soran University Academic Digital Library

۷- نەبوونی راگەیاندنێکی تایبەتمەندی خوێندکاریی سەربەخۆ.

۸- تەمەنکورتیی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران، ئەمیش بەهۆی گۆڕینی ستاف بەهۆی پیشەکەیەوە، یان لەناوێکەوە بۆناوێکی دیکە.

بایەخی توێژینەوەکە:

کاتێك باس لەسەرەتاکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند دەکەین، دەبێت بگەڕێینەوە سەردەمی پادشاو ئیمپراتۆرو قەیسەرەکان، کە بڵاوکراوەی تایبەت بە هەواڵو چالاکییەکانیان بڵاودەکردەوە، تەنانەت رۆژنامە گشتییەکانیش هەریەکەی بەجۆرێك لاپەڕەیەك، یاخود چەند لاپەڕەیەکی رۆژنامەکەی تایبەت کردووە بەبواریك، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاریو پێشکەوتنەکاندا ئەو لاپەڕە تایبەتیانەی ناو رۆژنامە گشتییەکان بوون بە رۆژنامەی تایبەتمەند، بەشێوەیەك رۆژنامەنووسیی تایبەت هەموو بوارەکانی گرتەوەو لەبوارەکانی (ژنان، منداڵان، وەرزش، ئەدەبو هونەر، تەندروستی، جوتیاران، ..... هتد)، کوردستانیش لەم گەشەکردنەی رۆژنامەنووسیی بێ بەش نەبووە، بەجۆرێك بەشێکی زۆر لەچینو توێژەکان رۆژنامەی تایبەت بەخۆیان هەیەو رۆژ لەدوای رۆژیش رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لەگەشەکردن دایە.

رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی، بەبەراورد لەگەڵ چینو توێژەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ سەردەمێکی زوو دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك لەساڵی ۱۹۱۲ خوێندکارانی کورد لەئەستەنبوڵ ڕێکخراوێکی خوێندکارییان بەناوی (کرد طلبة هیوی جمعیتی - جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان)ەوە پێکهێناوە هەر لەو ساڵەدا گۆڤاری (رۆژی کورد)یان بڵاوکردەوە، کە ئەمە بەیەکەم میژووی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران و یەکەمین کاری رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لەکوردستان دادەنرێت.

لەباشووری کوردستانیش لەساڵی ۱۹۳۳ یەکەم گۆڤاری خوێندکاری بەناوی (یادگاری لاوان) لەلایەن کۆمەڵی لاوانی کورد لەلایەن کۆمەڵێك

Preview sample - page 5 of 17 - Soran University Academic Digital Library

خوێندکاری کورد لەبەغداد دەرچوو، ئەم مێژووە دوورو درێژەی خوێندکاران لەناوەوەی کوردستان، یان لەدەرەوەی کوردستان، یاخود دەرکردنی رۆژنامەی خوێندکاران بەنهێنی، یان رۆژنامەی دیواریی خوێندکاران لەناوەندەکانی خوێندن، پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی وردی زانستی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە بایەخی بۆ کتێبخانەی کوردی هەیە، بەتایبەت بۆ توێژینەوەی بواری رۆژنامەنووسیی.

ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی زانستی بەرەو چارەسەرکردنی وردەکاری هەنگاو دەنێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامانجانە دەخەینەڕوو:

١- خستنەڕووی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیی تایبەتمەندو مێژووی رۆژنامەنووسیی خوێندکارانو بوارو جۆرەکانیان.

٢- خستنەڕووی سیما گشتییەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

٣- دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

٤- دیاریکردنی هۆکارەکانی کارکردنی رۆژنامەنووسان لەناو رۆژنامەنووسیی خوێندکاریدا.

٥- دەرخستنی رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی حزبی لەناو رۆژنامەنووسیی خوێندکاراندا، کە ئایا ئەمە چەند رەنگیداوەتەوە.

٦- مەبەست لەدەرکردنی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

٧- خستنەڕووی ئەرکو ئامانجەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

٨- دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

٩- خستنەڕووی ئەو ژانرانەی لەرۆژنامەنووسیی خوێندکاریدا بەکارهاتوون.

١٠- دیاریکردنی سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاری لەرۆژنامەنووسیی خوێندکاریدا.

Preview sample - page 6 of 17 - Soran University Academic Digital Library

١١- شیکردنەوەی ناوەرۆکی ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری لەرووی چەندو جۆرەوە.

١٢- دەرخستنی ئاراستەو ناوەرۆکی بابەتەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران، تاچەند تایبەتن بەخوێندکارانەوە.

١٣- دەرخستنی جۆری وێنەو بڵاوکردنەوەی لەگەڵ ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

١٤- دیاریکردنی بایەخی ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری کە چەندە بایەخی بەهەریەکە بەشارەکانی هەرێمی کوردستان داوە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ هێنانەدی ئامانج، توێژەر هەردوو میتۆدی مێژوویی، شیکاری ناوەرۆکی (ناخشیکاری) بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە تیشک بخاتە سەر مێژووی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو رۆژنامەنووسیی خوێندکاران، دواتریش ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران شیبکاتەوە.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە، توێژەر چەند رێگەو کەرستەیەکی دیکەی وەک سەرچاوە بەکارهێناوە:

١- فۆرمی راپرسی (الإستبانة- Questionnaire):

بەکارهێنانی فۆرم کە لەدوو جۆر فۆرم پێکهاتبوو، فۆرمی یەکەمیان تایبەت بوو بۆ بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە، کە کۆمەڵێك پرگەو پرسیاری لەخۆگرتووە، دووەمیان تایبەت بوو بەشیکردنەوەی ناوەرۆکی سامپڵی رۆژنامە خوێندکارییەکان.

Preview sample - page 7 of 17 - Soran University Academic Digital Library

٢- تێبینیکردن:

تێبینیکردن یەکێکی دیکەیە لەو رێگەو کەرەستانەی بەکارهاتوون، ئەویش بەسەردانیکردنی رۆژنامە خوێندکارییەکانو تێبینیکردنی سیاسەتی کاری رۆژنامەکان، ئەمە جگە لەوەی توێژەر خۆشیی ماوەیەکی زۆر لەناو رۆژنامەنووسیی خوێندکاراندا کاری کردووە.

بوارو سنووری توێژینەوەکە:

١- بواری شوێن: رۆژنامەنووسیی کوردی تایبەتمەندو رۆژنامەنووسیی خوێندکارانە، بە نموونە (٣) رۆژنامەی خوێندکاری وەك سامپڵ لەخۆ دەگرێت، کە رۆژنامەکانی (دامێنان، گۆڕان، روانین)ن.

٢- بواری کات: لەم توێژینەوەیەدا جەختکراوەتە سەر ماوەی لە ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/١٢/٣١، تاکو ژانری رۆژنامەنووسیی سامپڵی رۆژنامە خوێندکارییەکان شیبکرێنەوە.

٣- بواری مرۆیی: لەم توێژینەوەیەدا (٦٤) رۆژنامەنووس لەستافی نووسینی رۆژنامەکانی (ژیانی نوێ، دامێنان، گۆڕان، روانینو وەرچەرخان،) وەرگیراون، کە لەرێگەی فۆرمێکەوە بوونەتە سامپڵی توێژینەوەکە، هەریەکەیشیان ستافی سەرەکیی رۆژنامەکەن بە(خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، سکرتێری نووسین، دەستەی نووسەران، ستافی کارا، نووسەری گۆشە، لێپرسراو بەش، لێپرسراو لاپەڕە، پەیامساز (موحەریر)، پەیامنێر، وێنەگر)، بۆیە توێژەر هەوڵیداوە لەرێگای میتۆدی زانستیو شیکردنەوەی بارودۆخەکە لەدیدگای ئەوانەوە چەند دەرئەنجامێك بخاتەڕوو.

ناستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:

کەمی سەرچاوە ناستەنگێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەن، ئەمە جگە لەوەی نەبوونی ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی کوردی، بەتایبەت ئەو رۆژنامەو

Preview sample - page 8 of 17 - Soran University Academic Digital Library

گۆڤارانەی کەوتوونەتە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە، هەربۆیە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە تایبەتمەندە کوردییەکان بەگشتیو رۆژنامەنووسیی خوێندکاران بەتایبەتی ئەرشیفنەکراون، کە ئەمەیش ئاستەنگێکی گەورە بوو لەبەردەماندا.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەم توێژینەوەیە، توێژەر سوودی لەچەند سەرچاوەیەک بینیووە، بۆ ئەم مەبەستە گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

توێژەرانی بواری رۆژنامەنووسیی کوردیی، لەئەنجامدانی توێژینەوەکانیان زۆر پشت دەبەستن بە کتێبی (تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا) لەنووسینی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لەگەلێک شوێندا پشتمان پێی بەستووە، چونکە لە دوو بەشی سەرەکیدا زۆر بەبایەخەوە باسی لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی رۆژنامەنووسیی لەجیهانو لەناو کورددا کردووە، هەروەک گرفتو ئاستەنگەکان بەردەم رۆژنامەنووسییو گەشەکردنەکانی خستۆتەڕوو، ئەم سەرچاوەیە بەسەرچاوەیەکی بەنرخی رۆژنامەنووسیی کوردی دادەنرێت، بۆ هەمان مەبەست پشتمان بە (رۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەوە تا چەرخی نوێکاری) لەنووسینی برایمی مەلاو (مێژووی رۆژنامەگەری کوردی) لەنووسینی عەبدولجەبار محەمەد جەباری) بەستووە، هەروەها پشتمان بەستووە بە(رۆژنامەوانی تایبەتمەند) لەنووسینی د. حوسێن قەندی، کە کارزان محەمەد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم سەرچاوەیە لەبنەڕەتدا میتۆدی خوێندنی خوێندکارانی خوێندنی باڵا دکتۆرایە لەبواری رۆژنامەنووسیی لەزانکۆی تاران بۆ وانەی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، ئەگەرچی ئەم سەرچاوەیە بایەخێکی زۆری بەمێژووی رۆژنامەنووسیی ئێران داوە، بەڵام لەچەندین شوێندا تیشکی خستۆتە سەر رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو ئێمەش هەوڵماندا لەم ڕووەوە سوودی لێوەربگرین، هەروەک سوودی زۆرمان لە (الإعلام المتخصص)

Preview sample - page 9 of 17 - Soran University Academic Digital Library

لەنووسینی د. أدیب خضور وەرگرتووە، ئەم سەرچاوەیە زۆر بەوردی لایەنەکانی گەشەکردنو ئاستەنگەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی خستۆتەروو، تیشکی خستۆتە سەر وەرگرەکان کە چ جۆرە بڵاوکراوەیەکیان پێویستە. لەلایەکی دیکەوە سوودمان وەرگرتووە لە (الصحفی المتخصص) لەنووسینی د. اسماعیل ابراهیم، کە سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ ناساندنی بوارەکانی رۆژنامەنووسیی لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی پێویستە رۆژنامەنووسیی هەر بوارێك بیگرێتەبەر.

جگەلەمەش بۆ پێناسەو شیکردنەوەی زیاتری چەمکەکان پشتمان بەچەند فەرهەنگێك بەستووە، لەوانە: (قاموس الموسوعي للمصطلحات الإعلامیة) لە نووسینی د. محمد فرید عزت، فەرهەنگی (زارەوە گەلی راگەیاندن)، لەنووسینی بەدران حەبیبو فەرهەنگی راگەیاندن لەنووسینی جەمال عەبدول، هەروەها (موسوعة الصحافة والنشاطات المدرسیة) لەنووسینی یاسر سلامە.

هەروەها بۆ رۆژنامەنووسیی خوێندکاران سوودمان لەچەند سەرچاوەیەك وەرگرتووە، ئەگەرچی ئەم سەرچاوانە تایبەتمەندن بەخوێندنگاکان کە ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە دەگرێتەوە کە لەناوەندەکانی خوێندن بەسەرپەرشتی مامۆستاکانیان دەردەچنو کەمتر باس لە رۆژنامەنووسیی خوێندکاران دەکات، کە لەلایەن خوێندکاران خۆیان لەناوەندەکانی خوێندن لەزانکۆو پەیمانگاکان، یان رۆژنامەنووسیی رێکخراوە خوێندکاریو قوتابیەکان دەردەچن، هەریەکێك لەم سەرچاوانەش بریتین لە: (الصحافة المدرسیة) لەنووسینی الاء عبدالحمید، (الصحافة المدرسیة الاسس والمبادیء والتطبیقات) لەنووسینی سمیر محمود، (الصحافة المدرسیة) لەنووسینی عبدالمجید عبدالله فرج.

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ژمارەو جۆرو سالّی دەرچوونو بوارەکانی رۆژنامەنووسیی کوردی پشتمان بەچەند سەرچاوەیەك بەستووە لەوانە (بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردیی ١٩٧٥- ١٩٩٣) لەئامادەکردنی

Preview sample - page 10 of 17 - Soran University Academic Digital Library

ئیسماعیل تەنیا، (رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای راپەڕین لەنووسینی عەبدوڵڵا زەنگەنە.

بەمەبەستی دەرخستنی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران لەتاراوگەو کۆکردنەوەی ناوی بڵاوکراوەکانو جۆرو ژمارەی پێیدەرکراوە زۆر سوودمان لە(رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەئەوروپاو ئەمەریکا ١٩٤٩– ١٩٩١) لەنووسینی نەوزاد عەلی ئەحمەد و چەند باسێك لەبارەی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی) لەنووسینی د. فەرهاد پیربااڵ وەرگرتووە، کە هەردوو سەرچاوە بایەخی زۆریان بەرۆژنامەنووسیی خوێندکاران لەتاراوگە داوە، کە چ لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، یان رێکخراوەکانی دیکە، یاخود ئەو خوێندکارانەی بۆ خوێندن، یان لەژێر فشاری رژێمی بەعس رووبان لەتاراوگە کردبوو.

لەلایەکی دیکەوە بۆ زانینی زانیاری لەبارەی رۆژنامەنووسیی خوێندکارانەوە لەلایەن رێکخراوە خوێندکارییەکان پشتمان تەنیا بە دوو سەرچاوە بەستووە، ئەوانیش (رۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان) لەنووسینی موسا ئەحمەدو (رۆژنامەنووسیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ١٩٨١– ٢٠٠٥) لەنووسینی د. سەروەر عەبدوڵڕەحمان عومەر، ئەگەرچی هەردوو سەرچاوەکە تایبەتن بەتەنیا بەدوو رێکخراو، بەاڵم سەرچاوەو بیبلۆگرافیایەکی بە سوودن چ بۆ هەردوو رێکخراو، یاخود کتێبخانەی رۆژنامەنووسیی کوردی بەگشتیو کتێبخانەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران بەتایبەتی.

بەمەبەستی دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران پشتمان بەچەند چاوپێکەوتنێك بەستووە لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرنووسەرانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کتێبخانەی کوردی بەگشتیو کتێبخانەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران لەم رووەوە زۆر هەژارەو سەرچاوەی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری لەبەردەستدا نییە، بۆیە تووێژەر هەوڵیداوە لەم

Preview sample - page 11 of 17 - Soran University Academic Digital Library

رێگەیەو لەگەڵ ئاگاداربوونی لەبارودۆخی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران چەند تایبەتمەندیەک بخاتەڕوو.

هەروەها بۆ مەبەستی شیکردنەوەی ناوەرۆکی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران لەکوردستاندا پشتمان بەسەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەکانی (داهێنان، گۆڕانو روانین) لە ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/١٢/٣١ بەستووە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لەپێشەکیو پێشنیازو ئەنجامو لیستی سەرچاوەو پاشکۆکان لە (٤) بەش پێکدێت، بەشی یەکەم، تایبەتە بە رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو لە سێ باسی سەرەکی دەگرێتە خۆ، باسی یەکەم تایبەتە بەچەمکو مێژووی رۆژنامەنووسی تایبەتمەند، کە لە چوار لایەن پێکهاتووەو تیشک دەخاتە سەر پێناسەی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، قۆناغی گەشەکردنی زانیاریو سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی، مێژووی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندو جۆرەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، باسی دووەم لەژێرناونیشانی هۆکارەکانی دەرکەوتنی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندەو بەهەمان شێوە سێ لایەن دەگرێتەخۆ، ئەوانیش گرنگیو هۆکارەکانی گەشەکردنو گرفتەکانی بەردەم رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، باسی سێیەم کە دواباسی ئەم بەشەیە تەرخانکراوە بۆ رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی تایبەتمەند، کە پێناسەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاریو جۆرو ئەرکەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری خراونەتەڕوو.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەبوارەکانی رۆژنامەنووسیی کوردی تایبەتمەند، کە سێ باس دەگرێتە خۆ، باسی یەکەم تایبەتە بە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی، باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی لەڕووی ناوەرۆکەوە، باسی سێیەمیش تایبەتە بە رۆژنامەنووسیی کوردیی لەڕووی پیشەییەوە.

Preview sample - page 12 of 17 - Soran University Academic Digital Library

بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش تایبەتە بە رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی کوردیی لەسێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم سەبارەت بەرۆژنامەنووسیی خوێندکاریی کوردیو جۆرەکانیەتی، باسی دووەمیش تایبەتە بۆ بیبلۆگرافیای رۆژنامەنووسیی خوێندکاری کوردی، کە تیایدا ناوی چەندین بڵاوکراوە خراونەتەڕوو، باسی سێیەم تایبەتە بە تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران، کەتیایدا گرنگترین تایبەتمەندییەکانمان خستۆتەڕوو.

بەشی چوارەم کە دوا بەشی توێژینەوەکەیە تایبەتە بە کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەو خستنەڕووی ئەنجامەکان، لە چوار باس پێکهاتووە، باسی یەکەم باس لە کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە دەکات، کە کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەی فۆرمەکانو کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەی رۆژنامەکان دەخاتەڕوو، باسی دووەمیش تایبەتە بە ئامرازی توێژینەوە، کەتیایدا ئامرازی توێژینەوەی فۆرمەکانو ئامرازی توێژینەوەی رۆژنامەکان دەردەخات، باسی سێیەم تایبەتە بە خستنەڕووی ئەنجامی فۆرمەکان، باسی چوارەمیش کە دوا باسی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ئەنجامی شیکاری رۆژنامەکان.

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووینو ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو لەگەڵ خستنەڕووی چەند پێشنیازێك بۆ زیاتر سەرخستنی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران، دواتریش لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو لەگەڵ خستنەڕووی چەند پاشکۆیەك کەتیایدا ئەو فۆرمەمان خستۆتەڕوو کە بەسەر رۆژنامەنووسانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری دابەشمان کردوون، لەگەڵ خشتەی شیکردنەوەی رۆژنامەکان، ئەمە جگە لەلاپەڕەی یەکەمی چەند رۆژنامەیەك.

Preview sample - page 13 of 17 - Soran University Academic Digital Library

پێرستی ناوەرۆک

پێشەکی ٥

بەشی یەکەم ١٧

رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند

باسی یەکەم: **چەمک و مێژووی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند** ١٧

یەکەم: پێناسەی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ١٧

دووەم: قۆناغی گەشەکردنی زانیاری و سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی ٢٠

سێیەم: مێژووی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ٢٥

چوارەم: جۆرەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ٢٨

باسی دووەم: **هۆکارەکانی دەرکەوتنی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند** ٣٣

یەکەم: گرنگی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ٣٣

دووەم: هۆکارەکانی گەشەکردنی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ٤٥

سێیەم: گرفتەکانی بەردەم رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ٥٩

باسی سێیەم: **رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی تایبەتمەند** ٦٣

یەکەم: پێناسەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری ٦٣

دووەم: جۆرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری ٦٧

١- رۆژنامەنووسیی دیواری ٦٧

٢- رۆژنامەنووسی وێنەدار (هەڵفڕ) ٦٨

٣- رۆژنامەنووسیی چاپکراو ٦٨

٤- رۆژنامەنووسیی رێکخراوە خوێندکارییەکان ٧٠

سێیەم: ئەرکەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری ٧٠

Preview sample - page 14 of 17 - Soran University Academic Digital Library

بەشی دووەم

بواردکانی رۆژنامەنووسیی کوردیی تایبەتمەند

باسی یەکەم: مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی ٧٧

باسی دووەم: رۆژنامەنووسیی کوردی لەرووی ناوەرۆکەوە ٩٠

یەکەم: رۆژنامەنووسیی نەدەبی ٩٠

دووەم: رۆژنامەنووسیی هونەری ٩٧

سێیەم: رۆژنامەنووسیی زانستی ١٠٠

چوارەم: رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی ١٠٢

پێنجەم: رۆژنامەنووسیی وەرزشی ١٠٤

شەشەم: رۆژنامەنووسیی منداڵان ١٠٨

حەوتەم: رۆژنامەنووسیی تەندروستی ١٢٠

هەشتەم: رۆژنامەنووسیی ئابووری ١٢٣

نۆیەم: رۆژنامەنووسیی یاسایی ١٢٥

دەیەم: رۆژنامەنووسیی مافی مرۆڤ ١٢٧

یانزەیەم: رۆژنامەنووسیی سیاسی ١٢٩

دوانزەیەم: رۆژنامەنووسیی ئیسلامی ١٣١

سیانزەیەم: رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند بەنەخۆشی و کیمیابارانکردن ١٣٢

چواردەیەم: رۆژنامەنووسیی میدیاکاران ١٣٦

پانزەیەم: رۆژنامەنووسیی رێکلام ١٣٨

شانزەیەم: رۆژنامەنووسیی شوێنەوارو مێژوو ١٤٢

حەڤدەیەم: رۆژنامەنووسیی ژینگە ١٤٤

باسی سێیەم: رۆژنامەنووسیی کوردیی لەرووی پیشەییەوە ١٤٧

یەکەم: رۆژنامەنووسیی لاوان ١٤٧

دووەم: رۆژنامەنووسیی جوتیاران ١٥٠

سێیەم: رۆژنامەنووسیی ژنان ١٥٥

چوارەم: رۆژنامەنووسیی پێشمەرگە ١٦٢

Preview sample - page 15 of 17 - Soran University Academic Digital Library

پێنجەم: رۆژنامەنووسیی کرێکاران ١٦٥
شەشەم: رۆژنامەنووسیی مامۆستایان ١٦٨
حەوتەم: رۆژنامەنووسیی خاوەن پێداویستی تایبەت (کەمئەندامان) ١٧٢

بەشی سێیەم ١٧٥
رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی کوردیی تایبە تمەند
باسی یەکەم: رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی کوردی و جۆرەکانی ١٧٩
یەکەم: رۆژنامەنووسیی رێکخراوە خوێندکارییەکان ١٧٩
دووەم: رۆژنامەنووسیی ناوەندەکانی خوێندن ١٨٢
سێیەم: رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی لەدەرەوە/ تاراوگە ١٨٥
چوارەم: رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی لەشاخ/ نهێنی ١٩٠
پێنجەم: رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی لەرۆژنامەگشتییەکاندا ١٩٢
شەشەم: رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی بۆنەکان ١٩٣
باسی دووەم: بیبلۆگرافیای رۆژنامەنووسیی خوێندکاری کوردی ١٩٦
باسی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران ٢٢٨

بەشی چوارەم ٢٣٧
کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەودو خستنەرووی نە نجامەکان
باسی یەکەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە ٢٣٧
یەکەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەی فۆرمەکان ٢٣٧
دووەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەی رۆژنامەکان ٢٣٨
باسی دووەم: ئامرازی توێژینەوە ٢٤٢
یەکەم: ئامرازی توێژینەوەی فۆرمەکان ٢٤٢
دووەم: ئامرازی توێژینەوەی رۆژنامەکان ٢٤٩

Preview sample - page 16 of 17 - Soran University Academic Digital Library

باسی سێیەم: خستنەڕووی ئەنجامی فۆرمەکان ٢٥٢
باسی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامی شیکاری ڕۆژنامەکان ٢٧٥
ئەنجامو پێشنیاز ٢٩٣
ئەنجام ٢٩٣
پێشنیاز ٢٩٩
لیستی سەرچاوەکان ٣٠٢
لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان ٣٢٠

Preview sample - page 17 of 17 - Soran University Academic Digital Library